چیرۆک



زەینەب یوسفی

# چیرۆکی دەلاقە

بەشی دووەم و سێیەم

## بەشی دووەم

لەورۆژەوە کابرا کەوتە بازنەی جەغزەکەوە، دەلاقەی بچووک ئاکامی هات. ئەتۆ نازانی ئاکامی دەلاقە واتە چی؟ ها؟ نازانی؟ ئەمن بۆتی دەگێڕمەوە. با . دەیگێڕمەوە چۆن چۆنی دەلاقەی بەستەزمان ئاکامی پێ هات. کابرا لە جەغزدا بێ ویست، لەسووڕاندایە، من بەرانبەر بە ئەو لەچوارچێوەی دەرگاکەوە لە سەیرکردندام، بێ ئەوەی هەست بکەم دەلاقە لەشوورا جودا ئەبێتەوە. بێ ئەوە سەیر بکەم دەلاقە ئەبێتە پیاوێک ، وێنەی کابرای نێوان جەغز، دەقاو دەقی خۆی. لەپڕ مۆبایلەکەم لە زەنگ ئەدات، من بەرەو ژوور ئاوڕ ئەدەمەوە، هاوڕێیەکەمە، لەهەندەرانەوە پێوەندی گرتوە، ٤٠ دەقیقەی ڕێک پێکەوە ئەدوێین، من لە قاقای پێکەنین ئەدەم.

چ عەیبێکی هەیە حەیاتم؟ نااااا، قەت بە عەیبی نازانم ئافرەتێک وەکوو من لەقاقای پێکەنین بدات، بۆ بە عەیبی دەزانی؟ ڕۆژێکیان ئەم هاوڕێمە بە کامیراکەی دەیان ڕەسمی لەمن گرت دەلاقەی بەستەزمان کە ئێستا خەریکە تووشی گۆڕانێکی مەزن ئەبێت، چاوی پێمانەوەبوو، هەر من ئەم بینی جۆناوچۆن مۆڕم لێ دەکاتەوە، کەس ئاگای لێ نەبوو کە ئەو لەڕاستیدا بۆخۆی مرۆڤێکە. وا دیارە ئێستا من ئیدی خاوەنی دەلاقەیێکی بچووک نیم، سەیر دەکەم کابرا لە بازنەی جەغزدا وەکوو مشکێکی چکۆلانە لە سووڕاندایە. من....

ئێستا... ئەگەر.... بڕوا بکە، ئەگەر لەم ژوورەدا ئاوڕ بدەمەوە، چاوم دەکەوێتە کابرای نێوان جەغزەکەوە. هەی هوو... ئاخر من چووزانم چۆن ئەبێ وابیت؟ واتە من خاوەنی پیاوێکم لەدوو شوێندا؟ هاااا؟ لەیەک کات و دوو شوێن و یەک کابرا؟ بەڵام، باااا، وایە، من چووزانم چۆن وای لێهاتووە؟ هاوڕێیەکەم گوتی: دێمە ماڵتان و چەن ڕەسمی دیکەت لێ دەگرم، گوتم: باشە بەڵام بێ سەر پۆش. هاوڕێیەکەم بە بزەوە گوتی: ئەی بە سەرچاو. من دەمێکە خاوەنی ئەم هاوڕێمە ، هاوڕێیەکی باشە، بەڵام ئەم دەلاقەیە، ئای لەم دەلاقەیە، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم حەیاتم، لەڕاستیدا من ئیدی خاوەن دەلاقەیێک نیم، لەپڕ لەبیرم چوو دەلاقەی پێشوو ئێست بوەتە پیاوەکەی نێوان جەغزەکەو لە هەمان کاتدا کابرای نێوان جەغزەکە هەر لەبازنەکەدا لە سووڕاندایەو بەردەوام عاشقی منەو ئەمەی پشت سەریشم کە ئەگەر بەرەو ئەو بسووڕێمەوە، بێ گومان هەمان پیاوی نێوان جەغزەکەیەو بەردەوام مۆڕم لێ ئەکاتەوە. ئاخر چۆن وا ئەبێت، نازانم ئەبێ لە هاوڕێیەکەم پرسیار بکەم لەوانەیە ئەو وەڵامی ئەم پرسیارە مەزنە بزانێت.

ئێستا هەر ئەمەندەی لێ دەزانم کەمن لەم کاتەدا، نە خاوەن دەلاقەیێکم کە لەچوارچێوەی ئەوەوە دنیا سێر بکەم و نەخاوەن عاشقێکی تەماویم لەبازنەی جەغزێکی هەتاهەتایی تاکوو هەزاران جار تەفرەی بدەم و دڵی خۆمی پێ گەرم بکەمەوە.

هاوڕێیەکەم ئەیەوێت بێت و دەیان ڕەسمم لێ بگرێت، بەڵام دەترسم، دەمێکە لەتۆ دەترسم، لەوانەیە قبووڵی نەکەم، نازانم ئایا تۆدیسان مۆڕم لێ دەکەیتەوە یان نا؟

## بەشی سێیەم

سەیری خۆم دەکەم لەم ئاوێنەدا،،، چەن دەم بە پێکەنینی، تۆ خۆ وانەبوویت، ئێستا من وەکوو تۆم لێ هاتووە، نازانم چیم بەسەردا هاتووە، تۆ بەردەوام لەدواندن و گاڵتەو قسەی خۆش ناکەویت ئایا ئەم هاوڕێیەی تۆ ئیش و ژیانی نیە؟ تۆ، بەڵێ، جەنابت کە بێ کارو بێ عار ئەم ڕۆژانە لە هاتوچۆدایت، بەڵام ئەم خوێڕیە چی؟ ئەی ئەو؟ لەوانەیە ئەویش لەتۆ بکات وئەویش خوێڕێیک بێت وەکوو خۆت، ئەمەوێت بڕۆمە دوکتۆر، هەموو گیانم ژان دەکات، قاچ و قۆڵ و تەنانەت قورگیشم ژان دەکات، مێشکم وەختە بتەقێت، لەوانەیە شەکری خوێنم گرتبێت،،، ئای ی ی نا! خوا نەکات، ئەڵێن زۆر بۆ لاشە مەترسی هەیە، نا، نا، نا، لەوانەیە چونکە دەمێکە دەستم لەپیاسەی ئێواران هەڵگرتووە وام لێ هاتبێت، جەمامم جەمام، هەی هوو چەند پیسی تۆ ئاخرررر ئەمە چ بەزمێکە، گووشی مۆبایلەکەت

ڕەنگی پێوە نەماوە، ئەمەندە لەنێوان لەپتدا ئەیگووشی، بەستەزمانە ئەگەر گیاندار بواتایێ، ئێستا لەنێوان ئەو پەنجانەت هەڵپروکابوو، ئەی بە قەبری بابتەوە هەی ئەرێ ئەم سەگ بابە بۆ واز لەتۆ ناهێنێت؟ مەگەر ناڵێن ئەگەر کەس لە هەندەرانەوە بۆ ئێرە زەنگ بدات ئەبێ پارەی زۆر تەرخان بکات؟ هاااا؟ ئەم حیزبابە بۆ واز ناهێنێت؟ ئەمە ٤٠ دەقیقەی ڕێکە پێکەوە ئەدوێین،،، دەرەوە ئەڕوانم، تۆ دوێنێ، بەتەباشیری سور، جەغزێکی مەزنت کێشاوە، بۆ کیژۆڵەکانی گەڕەک، با لەگەڵ کوڕەکاندا شەڕ ناکەن،،،، کیژۆڵەیێکی جوان لەوێ بە تۆپێک یاری دەکات. وابزانم من دوێنێ شەو خەوێکی سەیرم بەم جەغزە وەبینی، جوان بیرم نایێت، بەڵام وابزانم لەجیاتی ئەم کچەو ڕەنگی ئەم تەباشیرە،.... ئۆففففففف چەند ملم ژان دەکات، ئاخخخخخ هەموو گیانم ژان دەکات. لەوانەیە نەخۆشی شەکرم گرتبێت، هەست دەکەم کەسێک لێمی داوە، نەهەهەهەهە بیبڕەوە دەی ئەم قاقاو پێکەنینە، بەسی کە بەسیە ئیدی بەسە، تۆ بەدەم قسەوە دیسان پێدەکەنیت و گووشی مۆبایلەکە لەنێوان لەپتەوە جێ بەجێ دەکەیت، بەرەو من دێت، ڕاستی هەر لەبیرتە لەکەیەوە سێکسمان نەبووە؟ هاااا؟ بیرتە، کوڕە ئەم هاوڕێتە مەگەر ئەهێڵێت تۆ بێر لە شتێک بکەیتەوە، ئەزانی لەکەیەوە چاوم بە ئەو لەشە جوانتە نەکەوتووە؟ هەهەهە ئەی داد،،، ئاخرین جار کە ڕووتەوەبوویت بەگوێتدا چپاندم چەن لە ئسپێکی زیوین و جوان ئەکەی حەیاتم، ئۆی...چەن شیرینە ئەو هەموو تیشک و جوانیە لەئامێزدا،، خەریکی چی ئەکەی؟ هاااا؟

نازانم بۆ خەوەکەی دوێنەێ شەوم بیرم ناکەوێتەوە،،، نازانم لەوانەیە هی شەکرەکە بێت، ئەڵێن شەکر کە لەخوێندا پیر بوو مێشک لەکار ئەخات و هیچێک لە زەمیرتدا ناهێتێتەوە، هەرچی بکەی شتێک بیرت ناکەوێت، تەنانەت بیرەوەریە جوانەکانیش لەبیر ئەکەیتەوە، ئەوە چی ئەکەی حەیاتم؟ ئەمن شتێکی نەگونجاوم گوت؟ هاااا؟ نا نا تکایە وامەکە نااا ئەوە بۆ دنیام لێ تار ئەکەی؟ نازانم لەکوێ بوو خوێندم سێکس جوانترین و شیرینترین بەشی حەیاتی مرۆڤە، ئەی بەقوربانی تەو دەمی بم هەی، بەگیانی تۆ ڕاستە، وایە بەڵام من و تۆ دەمێکە لەیەک دوورین، دوورین و خەمگینانەش ئەژین. کوڕە گیانە وامەکە دەی،،،،، بۆ مەگەر نازانی حەزم لەم بەزمانە نیە؟ هاااا؟ ئەی گووی سەگ بەڕۆحی باوکت هاوڕێی هەندەرانی، ئەوە دیسان بۆ دەرەوە پەکێشتی کرد، نانا ئەی من، تو حەیاتم من.....